ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# ئایدیالۆژیی زاڵی نوێ (پۆست ـ مۆدێرنیزم)

## گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵناس شموێل تریانگۆ

لێدوانی تیۆریک • وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت



# ئایدیالۆژیی زاڵی نوێ؛ پۆست-مۆدێرنیزم

## گفتوگۆ لەگەڵ شموێل تریانگۆ

ناوەندی چاودێریی ئێتیکی زانکۆیی (Observatory of University Ethics)

مارسی 2021

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

لێدوانی تیۆریک

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

**دوکتۆر شـموێل تـریانگۆ، کۆمەڵناس و مـامۆسـتا زانکۆی پـاریس-نـانتێر، نـووسـەری کتێبی "ئایدیالۆژیای زاڵ، پۆسـت-مۆدێرنیزم" لـەم وتـووێژەدا ئـامـاژە بـە زاڵێتی پۆسـت-مۆدێرنیزم و ڕیشە و کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەکات.**

**ژان سـلامۆڤیچ:** ئێوە چۆن پێناسـەی پۆسـت-مۆدێرنیزم دەکـەن؟ ڕەهـەنـدی گـوتـاریی ئـەم ئایدیالۆژییە بەرەو لێکترانسازییە کە بەشێکە لە پۆست-حەقیقەت...

**شـموێل تـریانگۆ:** ئـەمـە بـزوتـنـەوەیەکی نیو-مـارکسیستیی/پۆسـت مـارکسیستییە کـە لـە نێوان ساڵانی 1960 و 1970 لـە فـەڕانسا سـەری هـەڵدا و دەنـگدانـەوەی دەسـتبەجێی لـە فـەڕانسادا نەبوو، بەڵام ڕۆیشتە زانکۆکانی ئەمریکا، لەوێ لە کەناڵی زانکۆییەوە بازدانێکی بەرەو کۆمەڵگە دێمۆکـراتیکەکـان کـرد. ئـەم قـوتـابـخانـەیە سـەرەتـا فـەلـسەفی بـوو، لـەبـەر پـاشـخانـە مـارکسیستییەکـەی، هـەوڵی دا لـەبارەی کۆمـەڵگە و سیاسـەت، بـەڕەواڵەتیش پـەیوەسـت بـە زانسـتـەمـرۆییەکـان، دادوەریی خۆی بـخاتـە ڕوو؛ بـەڵام ئـەم نـزیکایەتییەی لـەگـەڵ زانستەکۆمەڵایەتییەکان گەشەی کرد و لە گواستنەوەی بۆ زانکۆ و بەشەکانی ئەدەبیات -کە چوارچێوەکەیان فراونتر کرد- فۆڕمەکەی گۆڕانی بەسەردا هات. با نموونەیەک بهێنینەوە: ئێمە لە کۆمـەڵناسیدا چـاوەڕێی "لێکترازان (déconstruction)" نـەبـووین تـا بـزانین کـە گـوتـارەکـان و نوێنەرایەتی/نواندنەوەکان درووست دەکرێن. لەلایەکی دیکەوە، هەرگیز بۆچوونمان وانەبوو کە خـەیاڵی کۆمـەڵایەتی هیچ قـووڵاییەکی کۆمـەڵایەتی نـەبێت و بـە ئـامـاژەی دەسـتێک "دروسـت بکرێ/ساز بکرێ " یان بەخێڕایی بگۆڕدرێت، وەک ئەوەی بڵێی واقعیەت تەنیا گێڕانەوە بێت: بەو مـەرجـەی کۆلێژەکـانی ئـەدەبیات قـبوڵی بـکەن، نـەک پێدراوێکی ئـامـاری کـە لـە دەرەوەی بـکەری کۆمـەڵایەتی بێت. شڵەژانی واقعیەت کـە لێکترازانـسازی ئـاراسـتە دەکـات، لـە دەرەوەی بـواری ئـەدەبیات، وە لـە بـنەڕەتیشەوە زانکۆ -پێگەی ئـابجێکتیڤ- لاواز دەکـات، هـەر بۆیە فـراوانـبوونی ئەم ئاراستەیە لە دنیای هاوچەرخدا دەکرێت ئاماژەی دارمانی زانکۆکانی خۆرئاوا بێت.

**ژان سـلامۆفیچ:** وادیارە جۆرێک یەکـانگیری تێماتیک لـە نێوان لایەنـە جیاوازەکـانی پۆسـت-مۆدێرنیزمـدا هـەبێت: دیکۆڵۆنیاڵیزم، جێندێر، دژە-سـەرمـایەداری و ... ئـەمـانـە چۆن پێکەوە کۆ دەبنەوە؟

**شـموێل تـریانگۆ :** خـەریکە نەزمێکی نـوێ دێتە ئاراوە. مـن لـە کتێبەکـەمـدا لـە ساڵی 2012 بـە کـورتی لێکدانـەوەم بۆ کـردووە. بـاسی ئـەوەم کـردووە کـە ئـەم ئـایدیالۆژییە چـوارچێوەیەک بۆ واقعیەتێکی نوێ -هـاوکۆک لـەگـەڵ باوەڕەکانی و بـە تـایبەت یۆتۆپیای "مـرۆڤی نـوێ" کـە ئـاسۆی هـەمـوو تۆتالیتاریزمـەکـان بـوو- دەچـەسپێنێت. دوکتۆرینی جێندێر بـەتایبەت دەیهەوێت پێگەی مرۆڤ و کۆمەڵگە سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە. بەشەیتانکردنی کۆڵۆنیالانەی چەمکی نەتەوەیە لە ڕێگەی چـــەمـــکەکـــانی وەک "مۆڵتیتوود multitude [ئـــاپۆرەی خەڵک]"ـی ئـــەنتۆنیۆ نێگری، "کۆبـوونـەوە rassemblement" و "پێکەوەژیان vivre ensemble"ـی جـودیت بـاتلێر، قـسەی خـەیاڵی لـەسـەر مـرۆڤی بـایۆنیک، تـرانـس-هیومـانیزم [سەروو-مـرۆڤباوەڕیی]، دژە-چـەشـن l'antispécisme، ئێکۆلۆژی قووڵ... ئەم گوتارە مێتافیزیک، فیزیک، تیۆلۆژی و مەعریفەناسیی خۆی هەیە...

**ژان سـلامۆفیچ:** بـەدیاریکراوی کۆمـەڵناسیی چۆن پێناسـەی ئـایدیالۆژی دەکـات؟ ئـەمڕۆ چۆن چوارچێوەسازی بۆ داڕشتنی ئایدیالۆژیایەکی نوێ دەکرێ؟

**شموێل تریانگۆ:** بە مانا کۆمەڵناسانەکەی، ئایدیالۆژیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە نوێنەرایەتی هـاوبـەشی ژمـارەیەکی زۆر لـە تـاک دەکـات و پێگە کۆمـەڵایەتییەکـانیان (ئـابـووری، سیاسی و کەلـتووری) پێکەوە ئـاوێتە دەکـات، بـەبێ ئـەوەی پێگە کۆمـەڵایەتییەکـان بـە هۆکـاری دیاریکردنی نوێنەرایەتییەکە بزانێت. ئەم نواندنەوە/نوێنەرایەتییە، تێڕوانینی ئەو گرووپە مرۆییە دەخاتەڕوو کە لە پێگەی خۆیانەوە لە کۆمەڵگە، دەرک و تێگەیشتنیان بۆ واقعیەت دەبێت. ئەو کاتەی ئەم

گرووپە هەژموونی هەیە و تۆنی ژیانی بەکۆمەڵ دیاری دەکات، بیرکردنەوەی زاڵ دێتە ئاراوە. ئایدیالۆژیا ئاگاییەکی بە کۆمەڵە کە نەک وەک "ئایدیالۆژیا" بەڵکوو وەك گوتاری حەقیقەت و واقعیەت دەرک دەکرێت. ئەمڕۆ پۆست-مۆدێرنیزمە کە لە زانکۆ "بڕوانامە" وەردەگرێت.

**ژان سلامۆفیچ:** بۆچی پێتانوایە کە پۆست-مۆدێرنیزم هەژموونی سەپاندووە؟ ئایا بۆ هەموو بواری کۆمەڵایەتی درووستە؟ ئایا دەتوانین ئایدیالۆژیایەک بکەینە جێگرەوە؟ ئەمە پلانی ئەنتۆنیۆ گرامشی بوو؟

**شموێل تریانگۆ:** پۆست-مۆدێرنیزم وەک گوتارێکی زاڵ دەردەکەوێت کە میدیا، زانکۆ، ماف، دەیگوازێتەوە و پاڵپشتی بەرینی لێ دەکرێت، من ئابووری و فاینانسیش زیاد دەکەم. نوخبەکانی ئەم ناوەندانە هەست بە نزیکایەتی دەکەن لێی و لە بە دامەزراوەییکردنیدا ڕۆڵیان هەیە. ئێمە بە ویستی خۆمان ئایدیالۆژی، تا ئاستێک "ناگۆڕین" کە فۆڕماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی لەناو ببات، ئایدیالۆژیا بەهۆی بنکۆڵبوونی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دەسەڵات لە دەست دەدا و بەرەو کۆتایی دەچێت و دەبێتە کۆنەپارێز -کەواتە کۆمۆنیزم لە یوتۆپیاوە دەبێتە ستالینیزمی ”دوواکەوتوو/ کاردانەوەیی"- کارل مانهایم، دامەزرێنەری کۆمەڵناسیی ناسین دەڵێت، دوکتۆرین هەمیشە لە ئاخێزی خۆیدا شۆڕشگێڕانەیە و دوواتر پێی دەوترێت "یۆتۆپیایی". ئەو کاتەی دەسەڵاتی گرتە دەست دەبێتە ئایدیالۆژی، واتە دەستەوشەیەک کە پێشووتر پێی کۆنەپارێزانە بوو. بەو مانایەی کە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات، یۆتۆپیای پێوە دەنووسێت و نایەوێ لەکاتی بەرکەوتنی یوتۆپیای نوێدا دەستبەرداری بێت. یۆتۆپیا گوتارێکە کە بەرگری لە ڕێکخستەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کە هێشتا بوونی نییە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات بیهێنێتە ئاراوە. ئایدیالۆژیا لەڕاستیدا یۆتۆپیایە کە کۆنەپارێز بووە و بەرگری لە ڕیکخستەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کە چیتر بوون و بەشداری نەماوە. سەبارەت بە گرامشی، ئەو لە بیرکردنەوەیدا پێشبینیکەر بوو؛ کە پاش شکستی خەباتی چینایەتی، پێی وابوو پێویستە خەباتی کەلتووری دەست پێ بکرێت و کەلتووری بۆرژوازی ڕیشەکێش بکرێت و دەسەڵاتی لەسەر پرۆلیتاریا لەناو ببرێت. ئەم بیرۆکەیە، کە بە

ئـاشی زانکۆکـانی ئـەمـریکا، فـرە-کەلـتووری، کێشەی نـەژادی لـە ئـەمـریکا، کەلـتووری پۆسـت-شـەسـتوهـەشـتی فـەڕانـسا و ..هـتدا تێپەڕی، بـەرنـامـەی "لێکترازان"ـی خۆرئـاوی لیبراڵ، واتـە پۆسـتمۆدێرنیزمی لێکەوتـەوە، کـە لـە بـزوتـنەوەکـانی ئـەو کۆمـەڵگایانـەدا (کۆچـبەری بـەلێشاو، لاوازبـوونی شـونـاسی نـەتـەوەیی، جیهانیسازی، لـەقـەلـەمڕەوخسـتن (déterritorialisation)، نۆمادیزم "کۆچبەری"ـی نوخبەکان)دا ڕەنگ دەداتەوە... گرنگە ئەوەمان لە بیر بێت کە بەرنامەی لێکترازان تەنیا خۆرئاوا دەگرێتەوە و هەموو شتێک کە خۆرئاوایی نییە و "لێکترازان" نایگرێتەوە، دەیپارێزێ و پیرۆزی دەکـات. لـەم ڕوانـگەیەوە کـە گـوتـاری پۆسـت-مۆدێرنیزم پـرسی کۆچـبەران ستایش دەکـات، بە حـوکـمدان لـەسـەر بێتاوانـبوونی بنەڕەتی ئـەم کۆمـەڵگایانـە، قـوربـانیبوونی هـاوسۆزخـوازانـە، کەلـتوری بێگرفتیان و ...هـتد، مێژووەکـەیان، دینەکـەیان و لـەوەش گـرنـگتر شکستەکانی ڕابردوو و هاوچەرخیان لە بەرپرسیارێتی دادەماڵێت. کەوابوو ئەم بوونە دەکەنە جەوهەر. لەم ئاراستەیەدا، نیو-مارکسیزمی گرامشی، پێموایە کە پێشوازییەکی چاوەڕوانکراوی لە وڵاتانی عەرەبی سەردەمی سۆڤیەت لێکەوتەوە، کە لەکاتی شەڕی سارد، بەناوی شەڕ لەگەڵ کۆلۆنیالیزم، پـابـەنـدیی خۆی بۆ بـەرگـری لـە ڕێژیمە عـەرەبییەکـان (سۆسیالیزمی عـەرەبی) -بۆ ڕووبـەڕووبـوونـەوە لـەگـەڵ خۆرئـاوای ئـازاد- دووپـات کـردبـوویەوە. هـەڵبەت دژایەتی زایۆنیزم ئـامـانجە سـەرەکییەکـە بـوو، وەک چۆن ئێستاش بۆ چـەپـە شیکەکـانی زانکۆکـانی ئـەمـریکا، بـەو جۆرەیە و لـەبـەرچـاوی ئـەوانـدا، ئیسرائیلَ دەرکـەوتـەی خۆرئـاوا، دەسـەڵات، نـەتـەوە، شـونـاسی سەروەر و دەسەڵاتی نەژادییە.

**ژان سلامۆفیچ:** ئەورووپا چ ڕۆڵیک لەم ئایدیالۆژییەدا دەگێڕێت؟

**شـموێل تـریانگۆ:** پۆسـت-مۆدێرنیزم ئـایدیالۆژییەکـە کـە زۆرتـرین هـاوکۆکی لـەگـەڵ یەکێتی ئـەورووپا هـەیە و ئـاشـکرایە کـە لـەو ژینگە ئـەورووپییەدا گـەشـەی کـردووە. سروشـتی سـەرەکی ئامانجەکە -واتە لێدان لە نەتەوە- بەڕوونی ئاگادارمان دەکاتەوە: یەکێتی ئەورووپا لە هەوڵدایە کـە پـەیوەنـدی نـەتـەوە-تـەوەر لـەنێو بـبات و دانیشتوان لـەسـەر بـنەمـای پـەیوەنـد و کـارکـردی

(کۆمسیۆنی سەروو-نەتەوەیی) کۆ بکاتەوە، نەک لەسەر بنەما سابجێکتی تاک و کۆمەڵ. لەم ئاراستەیەدا، یەکێتی ئەورووپا بۆ ڕەدکردنەوەی ڕەهەندی شوناس، وەک لادان لە سەدەی بیستەم، خۆی لە پشت بانگەشەی وێناکردنی مافی مرۆییەوە شاردۆتەوە و خۆی خستۆتە بەردەم خستنەژێر پرسیاری کەلتوورەکەی، شوناسە مێژووییەکەی لەلایەن کۆچبەری بەلێشاو کە سەرجەمیان باوەڕیان بە خەباتی کەلتووری (kulturkampf) هەیە. یەکێتی ئەورووپا سابجێکتیکی سیاسی پەرتەوازەیە کە بەشێوەیەکی ناڕوون نکۆڵی لە هەموو جۆرە شوناسێک دەکات. کەوابوو، شوناس بووەتە دوژمنێکی جیهانی، وەک ئەوەی بوونی بەکۆمەڵ بەبێ شوناسی گشتی و تاک بوونی هەبێت. دوکتۆرینی جێندێر، تەنیا سابجێکتی تاک لە بەرانبەر بەرژەوەندی دەسەڵات لاواز دەکات، ڕوویەکی دیکەی ئەم سەندرۆمە، **ئێمپراتۆری** دەخاتە بەردەم چەمکی **نەتەوە**. لە سەدەی نۆزدەیەم، وڵاتانی ئەورووپی لەسەر کەلاوەکانی ئێمپراتۆرییەکان درووست کران، ئەمڕۆ پێچەوانە بووەتەوە: یەکێتی ئەورووپا دەیهەوێت کۆتایی بە دەوڵەتی نەتەوەیی بهێنێت و زلهێزێکی ئێمپێریاڵ بێت. [بەڵام] چوارچێوەی تایبەتی دێمۆکراسی دەوڵەت نەتەوەیە.

**ژان سلامۆفیچ:** شوێنی دژە-زایۆنیزم لەم سیستمەدا چییە؟ ئایا ڕەخنە لە دەوڵەتی ئیسرائیڵ و ڕەخنە لە دەوڵەت-نەتەوە بە شێوەی گشتی بەراورد دەکرێن؟ وێنا دەکرێ کە گوتاری دیکۆڵۆنیاڵیزم کە ئەمڕۆ لە ئەورووپادا باوە، لەسەر بنەمای بوغزاندنی ئیسرائیڵ داڕێژراوە: دەوڵەتی ئەپارتایدا و هەڵاواردن، دەوڵەتی کۆڵۆنیاڵ، دەوڵەتی ئێتنیکی (وەک جوو یان سپی پێست)...

**شموێل تریانگۆ:** یەکەم هێرشی پۆست-مۆدێرنیزم دژی ئیسرائیڵ و زایۆنیزم بوو. پێشتر، لە سەردەمی ویشی (Vichy) لە فەڕانسا، بیرمەندانی پۆست-مۆدێرنی فەڕانسی، لەوکاتەی کە کۆمەڵگەی جووی فەڕەنسا سەرقاڵی ژیانەوە و وڵاتی ئیسرائیلی تازەدامەزراو بوو، ستایشی "تاراوگەبوون"ی جوویان دەکرد. لە 1990ەکان، ئەو ڕۆشنبیرانە، پاش هەرەسهێنانی دیواری

بەرلین -ئەوانەی لە مارکسیزمی سیاسی جیابووبوونەوە- چوونە پاڵیان و بە دۆزینەوەی هەڕەشەیەک کە کۆمەڵگەی جوو -لە پاش شەڕ و دامەزراندی دەوڵەتی ئیسرائیل- لەسەر جیهانیبوونی مافی مرۆڤ[1] درووستی دەکرد، بەشدارییان لە لیبراڵ دێمۆکراسیدا کرد. میراتی یەکێتی سۆڤیەت وەک پێشەنگی بەرەی دژە-کۆڵۆنیاڵی عەرەب، لە بووژاندنەوەدا بوو، وە داستانێکی شەهیدخوازانەیان بۆ درووست کرد کە تیایدا "نکبە" بۆ "دژە-هۆڵۆکۆست" و خەڵکی فەڵەستین بۆ قارەمانی شەهید و قوربانی پەتی گۆڕان. چەپەکان، نەتەوە و نەژاد و سەرترێتییان کردە دێوەزمە. ئەوان لەم بوارەدا بەرپرسیارێتییەکی قورسیان لەسەر شانە، چونکە بەهۆی درێژەکیشانی ئەم درۆیانە، ڕەوایەتیان بە کۆنەڕقێکی ئیسلامی داوە کە نموونەکەی محەمەد مەراحە کە مناڵە جووەکانی بۆ "تۆڵەی کوشتنی مناڵانی غەزە" کوشت. من لێرەوە دەمەوێ ڕەخنە لە میدیای فەرمی ئەورووپا بگرم کە لە دەریچەی بانگەشەی فەڵەستینەوە، ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگوازێتەوە. ئەوەی کە بە درێژایی دەیەی 2000، ئیسرائیلی پێ تاوانبار دەکرا، دوواتر وڵاتانی ئەورووپا و فەڕانسای لە کەیسی تێرۆریزمی ئیسلامیدا گرتەوە.

**ژان سلامۆفیچ:** ئێوە چەپی ئیسلامی چۆن پێناسەی دەکەن؟ حیزبی کۆمۆنیستی چین و زۆر لە ئاکادێمیستەکان بوونی بزوتنەوەیەکی لەوجۆرە ڕەد دەکەنەوە و پێیانوایە ئەم دەستەوشەیە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە؛ لە حاڵێکدا کە ئەمە دەستەوشەیەکی ڕەخنەییە بەڵام واقعێکی سیاسی بە باشی روون دەکاتەوە. پێموایە، ئێوە ئەم دەستەوشەتان لە دەستەوشەی "ئیسلامۆ-کۆمۆنیزم" جیا کردۆتەوە...

**شموێل تریانگۆ:** پێشینەی تێرمی "چەپی ئیسلامی" کەمتر ناسراوە. ئەم بیرۆکەیە یەکەم جار لە لوبنان لە ژێر ناوی "ئیسلامی پێشکەوتنخواز" دەرکەوت وەک ئاماژەیەک بە هاوپەیمانی کەماڵ

---

[1] Cf. S. Trigano The democratic ideal, put to the test by the Shoah, Odile Jacob, 1999.

جونبولات، ڕێبەری درووزییەکان و فەڵەستینییەکان. هاوپەیمانییەکە لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاری فەڵەستین، حەفتا لە سەدی لوبنانی دەگرتەوە. کەمال جونبولات، چالاکوانی جیهانی سێیەم، دامەزرێنەری حیزبی سوسیالیزمی پێشکەوتنخواز لە 1949، براوەی خەڵاتی ئاشتی لینین و پاڵپشتی ناسیۆنالیزمێکی anti-confessionnel (دژە مەسیحی)، لە مارسی 1977دا تیرۆر کرا. هەڵبەت، جۆرێک هاوکاریی لە نێوان کۆمۆنیزمی ئیسلامی ئەوکاتی شەڕی سارد، پێشکەوتنخوازیی فەڵەستینی-لوبنانی و چەپی ئیسلامی ئەمڕۆدا هەیە. ئەم دەستەوشەیە ڕەنگدەرەوەی هەمان یەکانگیری چەپ و پرسی عەرەب-موسڵمانە. بەدرێژایی شەڕی سارد و بەتایبەت ئەو کاتەی یەکێتی سۆڤیەت وڵاتانی عەرەبی دژی خۆرئاوا و دەوڵەتی ئیسرائیل هان دەدا، ڕێکخراوی ڕزگاری فەڵەستین بۆ پێشەنگایەتی پرسی عەرەب، دژی خۆرئاوا و نوێنەرە خۆرئاواییەکانی (چەپ و سۆسیاڵیستەکان) تەیار بوو. ئەمڕۆ لە سەردەمی لەسەردەمی پۆست-کۆمۆنیزم و لەژێر کاریگەری کۆچبەرانی جیهانی عەرەب -موسڵمان، هەمان چوارچێوە لە ئارادایە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی ناسروشتی نێوان چەپ بە هەموو جۆرەکانییەوە لەگەڵ پرسی عەرەب-موسڵمان، وە ئەمە بووەتە جێگرەوەی پرۆلیتاریایەک کە ئەمڕۆ چیتر بوونی نییە و دەنگ بە مارین لۆپێن دەدات. ئێمە نمونەیەکی بەرهەستی ئەم ئیسلامۆ-کۆمۆنیزمەمان بە "پشتێنی سوور" لە پاریس لەبەرچاوە، کە هەمیشە لە دەستی حیزبی کۆمۆنیستدا بووە، کە لەم سەردەمی دیارنەمانی کۆمۆنیزمەدا، خۆی وەک دەنگدەری کۆچبەری شارەوانییەکان دەبینێتەوە بۆ دۆزی فەڵەستین کە ئێستا بووەتە دۆزی شوناسی کۆچبەرانی فەڕانسا.

دۆکترینی ئینتێرسێکشناڵ ئەم هاوکارییەی چەپ و ئیسلامی فراوانتر کردووە، چونکە فەڵەستینی "وێناکراو" و خەیاڵی کردووەتە هاومانای جیهانی دەسەڵات و زوڵمەکان. کەوابوو ئێمە لەناو ئوستوورەیەکداین. ئالن بەدیوو نمونەیەکی باشە: ئەو لە کتێبەکەیدا بەناوی "جیهانی"، پشتگیری لە دژە-جووایەتی پۆڵس دەکات تا کۆمیونیتاریزم و تاقانەیی جوو سەرکۆنە بکات، لەکاتێکدا بەرگری لە حیجاب بۆ ژنانی موسڵمان دەکات و دەڵێت کەسێکی ئاتاییست (و ... کۆمۆنیستە) وە ئەم نارِوونی و ئوستورەسازییە دەردەکەوێت. ڕۆژێک لە مەیدانی ڕیپۆبلیکی (کۆمار)دا تێدەپەڕیم کە لایەنگرانی خاوەن پێداویستی تایبەت خۆپیشاندانیان دەکرد

و کەسێکی کەم ئەندامم بینی کە لە ئۆتۆمبێلە بچوکەکەیدا ئالآیەکی گەورەی فەڵەستینی ڕادەوەشاند... ئێمە لەوە تێدەگەین کە ئەم هەلومەرجە دەرگایەکی کراوەیە بۆ دژە-جووایەتییەکی گەورە.

**ژان سلامۆفیچ:** بەڵام ئەم یەکانگیرییە ئایدیالۆژیکە بەشێوەیەک سیحراوی ڕوو نادات، هەندێک گرووپ دەیکەن. بنەمای کۆمەڵایەتی ئەم ئایدیالۆژییانە چییە؟

**شموێل تریانگۆ:** لەسەر چوار ژینگەی کۆمەڵایەتی وەستاوە: میدیایی، زانکۆیی، یاسایی، فاند و دارایی، کە لە کردەوە و پیشەییبوون و ...هتددا هاوشێوەی یەکترن. ئەکتی ئەوان وەک هێرشێکی کتوپڕە بۆ فەزای دیبەیتی گشتی و دوواتریش کشانەوە بۆ شوێنە داخراو و قایمەکان (بواری بینراو و بیستراو، زانکۆ، دادگا، ستاک مارکێت). هەرکامیان جۆرێک ئەکتی خوازراوەی خۆیانیان هەیە: لێکۆڵینەوەکان، ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی NGO ، لێکۆڵینەوەی زانستی، فەرمانی ئەکادیمی "لێکترازان!"، لێپرسینەوەی ئاژانسەکانی پلەبەندی و ... بەکورتی هەر شتێک کە توانای پێناسەی واقعیەت، حەقیقەت، ماف، نۆرم و بەهاکانی هەیە [دەکەوێتە بەر هێرش]. وەک دەڵێن ئەمە چیرۆکی لێکترازانە. سەپاندنی دەسەڵات لە لایەن ئەم ناوەندانەوە کە جێگەی "چینی کۆمەڵایەتی" گرتۆتەوە، بە هێرش بۆ سەر پانتایی گشتی و دوواتریش کشانەوە بۆ سەنگەری خۆیان و لەئەستۆنەگرتنی بەرپرسیاریەتی، ئەنجام دەدرێت. دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە ئەم کردارە بە دەسەڵاتی فیزیکی ناکرێت، لەڕاستیدا ئەمڕۆ دەسەڵات لە حاڵەتی مادی دەرچووە، تەنانەت خۆی بەو جۆرە ڕەد دەکاتەوە. "حەقیقەت!"، "بەهاکان!" دیمۆکراسی! ئەمە وەک نوێژێکە بەگشتی کە ئەم دەستێوەردانەی لەگەڵدایە. دەسەڵات لەم ناوەندانە لە دەسەڵاتی زانکۆیی و پیشەیی لەناو هاوکارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەهیچ شێوەیەک لە دەسەڵاتی بۆرەکراتییەوە نایەت. دەسەڵاتدارەکان کۆنترۆڵ ناکرێن و پەیوەستن بە هەڵسەنگاندنی هاوکارەکانیانەوە. ئەوان بە پێی ڕەوتەکان (زانیارییەکان، ڕاپرسییەکان، دۆسیەی

یاسایی، بازاڕی ستاک) کار دەکەن نەک بەپێی تێریتۆری و قەڵەمڕەوی سیاسی. ئەمە بنەمای کۆمەڵایەتی هەژمووونی پۆست-مۆدێرنیزمە.

**ژان سلامۆفیچ:** لەم نێوەندەدا کۆمەڵناسیی چ ڕۆڵێکی هەیە؟ ئێمە دەبینین کە بە زۆری "خەبات دژی هەڵاواردن" وەک پرۆژەی لێکۆڵینەوە دەخرێتە ڕوو، کە زیاتر لەسەر بنەمای بە ئەخلاقیکردن وەستاوە نەک لێکدانەوەی دیاردەکان. چۆن دەتوانین لە نێوان وەسفی ئابجێکتیڤ و ویستی چاکسازیخوازی، لەنێو کۆمەڵناسیدا هاوسەنگییەک درووست بکرێت؟

**شموێل تریانگۆ:** دەتوانین بڵێین کە زانستی کۆمەڵناسی هاوکات کۆنوپارێز و شۆڕشگێرانەیشە. کۆمەڵناسی بە مۆدێرنیتە دەڵێت کە ئەو شتە نییە کە پێی وایە، چونکە هێشتا جیهانی پێش-مۆدێرن لەخۆ دەگرێت: "ئازادی، برایەتی، یەکسانی" هێشتا لە کاردا نییە. بەڵام هاوکات زانستێکی شۆڕشگێڕانە و ڕەخنەییە، چونکە لەڕێگەی کاراکردنی هەماهەنگی لەگەڵ پڕۆژەی مۆدێرن، شکستەکانی بە شێوەی عەقڵانی دیاری دەکات. لەلایەکی دیکەوە، پۆست-مۆدێرنیزم پێمان دەڵیت کە پڕۆژەی مۆدێرنێتە هەر لەسەرەتاوە شکستی خواردبوو و بانگهێشتمان دەکات لەنێو ئاسەوار و کەلاوەکانی مۆدێرنێتەدا بژین. پۆست-مۆدێرنیزم لەبری باس لە چاکسازی، مۆدێرنێتە بەرەو تیاچوون، سڕکردن، بێ شوناسکردنی خۆی، ئاژەڵاندن (animalize) و ڕووەکیکردن و لێکترازان دەبات و ئەمەش وەک لوتکەی ئەخلاق پێناسە دەکات. ئەمانە پەیامی شارستانییەکی ڕوو لە مەرگە، ئەو ئەخلاقەی کە شەو و ڕۆژ بانگەشەی بۆ دەکات، پینەوپەڕۆی ئەم کەوتنەیە...

دەمەهەێت ئاماژە بە خەسڵەتێکی تایبەتی پۆست-مۆدێرنیزم بدەم؛ کەلێنێکی بنەمایی لە گوتارەکەدا هەیە کە بە بەباشی ئامانجەکەی ڕوون دەکاتەوە. ئەم کەلێنە لە چەندین لایەنەوە بەرگوێمان دەکەوێت. نامرۆییکردنی مرۆڤ، مرۆییکردنی واقعیەت (ئاژەڵان، سروشت)ی لەگەڵدایە، لە سیاسەتخستن لەگەڵ پان-سیاسیکردندایە (سێکسی سیاسی)، هەوڵ بۆ بێلایەنی بانگەشەی خەستی شوناسی لەگەڵدایە؛ لەقەڵەمڕەوخستن، پەراوێزخستنی لەگەڵدایە، پۆست-

مرۆڤ لەسەر بنەمای مافەکانی "مرۆڤ" دانراوە... ئایا لێرەدا ئاماژەیەک هەیە کە ئەم بوارانە دوو بەردەنگی جیاواز دەکەنە ئامانج؟ ئەوان پەیامێک لە دەسەڵاتی ڕەهاوە بۆ نوخبەی دەسەڵاتدار دەنێرن (پێناسەی نمایشکارانەی زمان کە هێماکەی ئەمەیە: "گوتن، کردنە") لە کاتێکدا کە بانگەشەی "لێکترازان"ـی سابجێکت لە هەموو فۆڕمەکانیدا، مژدەی "ئازادبوون"ێکی تەواو بە تاکەکان دەدات کە لە ڕاستیدا دەسەڵات و زاڵبوونی زیاتر دەهێنێت، و هەژموونەکەی لە political correctness، یەکسانی بە سیستمی کۆتا و ئیمپراتۆری گافادا (گووگڵ، ئامازۆن، فەیسبووک و ...هتد) دەبینین.

---

سەرچاوە:

https://decolonialisme.fr/entretien-entre-le-linguiste-jean-szlamowicz-et-le-sociologue-shmuel-trigano/